چاوپێکەوتن لەگەڵ

# مەریوان هەڵەبجەیی

ئامادەکردنی

# گۆران هەڵەبجەیی

بەشی شەشهەم و کۆتایی

**مەریوان هەڵەبجەیی :**

چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان مەلا کرێکارو ئەو مەلایانەی لەمزگەوتەکانی کوردستاندا چیرۆکی پڕ لەئەفسانە بڵاودەکاتەوەو مێشکی جەماوەر تێك دەدات؟

بسەلمێندرایە کەمن سوکایەتیم بەئینسانییەت کردووە زۆر زوو دەستگیردەکرام و کەسیش نەیدەتوانی بەرگریم لێبکات..! ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگەو حەز دەکەم ئیسلامییەکان باش لێی تێبگەن.




**گۆران هەڵەبجەیی : گەر مەلا کرێکار داوای روبەروبوونەوەت لێبکات بۆ نموونە لەسەر پاڵتالك لەئینتەرنێتدا یاخود لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن تۆ ئامادەی ئەوەیت؟؟**

نەك هەر ئەو بەڵكو لەگەڵ هەموو كەسێكدا ئامادەم بەلاّم بە مەرجێك ئەو كەسە لەناو روقعەی فكری ئیسلامیدا ناو بێت. ئامادەمو مەرجم هەیە, دەبێ ئەو رووبوڕووبونەوەیە بەئاشكراو لەبەرچاوی خەڵكانێكی زۆر بێت, بۆ نموونە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یاخود لەهۆڵێكی گەورەدا, دەشبێ بەكامێرایەكی ڤیدیۆیی وێنەی بگیرێو بلاّوبكرێتەوە. نەك من بەڵكو هەر كەس شارەزایی لەدەقو مێژووی ئیسلام هەبێت ئەو ئامادەییەی تێدایە. بۆ مەسەلەی پاڵتالكیش لەسەر ئنتەرنێت چەند جارێك مەلا كرێكار بۆ ژووری ( chapy sarbaxo ) بانگهێشت كراوەو نەیویستووە یان نەیتوانیوە ئامادەبێت. تەنانەت لە ژووری ئیسلامییەكانیشدا فتوای ئەوە دراوە هەر كەس بچێتە ئەو ژوورەوە كافرە..!! ئیسلامییەكان زەندەقیان لە ژووری چەپی سەربەخۆ چووە لەكاتێكدا هەموو كورد تەنها ئەو ژوورەی هەیە بەراشكاوانەو بە ئازادانە قسە لەسەر ئایینی ئیسلام بكات.

بەلاّم روونكردنەوەیەكم هەیە ئەویش ئەوەیە من تێناگەم بۆچی راگەیاندنی كوردی مەسەلەی مەلا كرێكاری بەو شێوەیە گەورە كردووە.!! ئایا راگەیاندنەكان بیر لەوە ناكەنەوە ئەم هەوڵەیان دروستكردنی یاخود ئامادەكردنی دەروونی تاكە بۆ خووڕەوشتی مەلا كرێكارییانە لەئاوەزیدا!؟؟ بۆ چاوپێكەتنو ڕێپۆرتاژ لەسەر كەسایەتی دڵسۆزو ژیاندۆستەكان ناكەن تا هانی خەڵكی بدەن بۆ ژیان نەك بۆ مردن لە پێناوی خورافەدا!؟؟ بۆ مەلا كرێكار بەو شێوەیە گرنگی پێ دەردرێت!؟؟ گەر مەسەلەكە خوێنرێژییە بەس نەبوو؟؟ چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان مەلا كرێكارو ئەو مەلایانەی لەمزگەوتەكانی كوردستاندا چیرۆكی پڕ لەئەفسانە بلاّودەكاتەوەو مێشكی جەماوەر تێك دەدات؟ چ جیاوازییەكی هەیە لەگەڵ ئەو فەقێیەی بڕوای بەخورافە هەیە!؟ مەلا بەشیر چی لەمەلا كرێكار كەمترە؟؟ ئایا لەئەنجامدا هەردوولا بۆ یەك مەبەستو ئامانج كە كوشتنو بڕینە یەك ناگرنەوە؟؟ ئایا هەردوولا لەسەر كۆنە پەرستی یەك ناگرنەوە!؟ ئایا هەر ئەو مەلا پەراوێزانە نین دەیانی وەك مەلا كرێكاریان درووستكرد!؟ رەنگە وەجهی مەلا كرێكار باشتر بێت بەوەی ئەو راستەوخۆ باس لەكوشتنی جەستە دەكات, بەلاّم ئەو

مەلایانەی کەئێمە پشتگوێمان خستوون ئەقڵ دەکوژن..! بیرکردنەوە دەکوژن..! توانا سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکوژن..! مەلا کرێکار بەگەورەیی دەیان کوژێت بەڵام مەلا پەراوێزکراوەکان هەر لەمنداڵییەوە ئینسان دەکوژن.

با بەراوردێك بکەین, مەلا کرێکار ئێستا ناسراوەو لەوڵاتێکی وەك نەرویج پەنا دراوەو ئەو هەڕەشە گەورەیەی نییە کەلێی ترساوین, بەڵکو زۆر جار بووەتە مایەی گاڵتەی کاریکاتۆریستەکانی نەرویج و تانەو تەشەری لێدەدەن و سەروکەللەی مەلا کرێکاریان کردووە بەسەروکەللەی بوتڵە غازێك کە لەئان وساتێکدا بتەقێتەوە, چواردەوری تەنراوەو لەژێر بەزەیی یاساکانی سەدەقەی نەرویج دەژی کەنە ئەوو نە ئایینەکەی هیچ پشکێکیان لەو سەدەقەیەدا نەبووەو بەحەرامیشی دادەنێن و مەلا سەری بۆ ئەم سەدەقەیە کز کردووەو پێی دەژی, هەر کات عێراق گفتی ئەوە بە وڵاتی نەرویج بدات لەبەرامبەر تاوانەکانی لەسێدارە نادرێت یەکسەر تەسلیم بەعێراقی دەکەنەوەو ئەوکات دەکەوێتە بەر بەزەیی یاسای ئەو کۆمەڵگایەی کەپێشتر مەلا کرێکار داوای قەلوعامی ژنان و رەخنەگرانی کردوون, بەراوردی بکەین لەگەڵ مەلا پەراوێزەکانی دیکەی کوردستان کەهیچ بەربەستێك نییە بۆ راگەیاندنی خوتبەکانیان و پڕ پڕە لەسوکایەتی بەفەرهەنگی مرۆڤایەتی و پڕ پڕە لەکەرامەتشکاندنی ژن و پڕ پڕە لەخورافەو کەسیش ناتوانێت رێگەیان لێبگرێت و ئازادانە دەچنە هەموو شوێنێك و چییان بوێت بۆیان دەکرێت, ئەمانەش دروستکردنی هەزاران مەلا کرێکاری لێدەبێتەوەو نەك هەر رەخنەگران بەڵکو قەتلوعامی هەموو کۆمەڵگا دەکەن, ئایا کامیان ترسناکترن..؟؟ بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مومارەسەکردنی دەسەڵاتی دیموکراتی و بینینی رەهەندەکانی ئازادی و دروستکردنی تواناکانی تاك و بڵاوکردنەوەی زانست لە ئێستادا کامیان ترسناکترن مەلا کرێکار یان مەلا بەشێرەکان؟؟ بۆ ئاوها مەلا کرێکار لەزهنی راگەیاندندا دەرناچێت.!؟ تۆ بڵێی چەند مەلا کرێکارو چەند شێخ زانای دیکە لەکوردستاندا خۆیان مەڵاس داوە.!؟ لێرەدا جێی خۆیەتی گلەییەك لەدامودەزگاکانی ئاسایش بکەم بەوەی هەموو ئەو ئەقڵ کوژانەی پشتگوێ خستووەو

تەعامول لەگەڵ روكارو رەفتاری دەرەكیدا دەكاو هەتا رووداوێك روونەدات لێیان ناكۆڵێتەوە..هەموو كەس كارمەندەكانی ئاسایش دەناسن‌و ئەمینەكانی لەتوانایاندا نییە خۆیان لەچاوی خەڵكی بشارنەوە, گەر بڕوانینە بەشی هەرە زۆری چالاكییەكانیان دەبینین پاڵپشت بەتاكەكانی ناو كۆمەڵگا توانیویانە تاوانەكان ئاشكرا بكەن‌و تاوانباران بناسنەوەو كارمەندانی ئاسایش پشكێكی ئەوتۆیان نییە بەو دەلیلەی تائێستا نەماندیوە پێش رووادنی كارەساتێك زانیارییان گەلاڵە كردبێت‌و بەربەستیان لەروونەدانی دروست كردبێت. عەلی باپیر فتوای كوشتن دەردەكات‌و دەنگەكەی بەكاسێت بەتۆماركراوی هەیەو لەراگەیاندنی كوردیشدا بەچەندین جۆری تر داوای توندوتیژی دەكات كەچی راگەیاندنەكان‌و دامودەزگاكانی دەوڵەت بێدەنگ بوون‌و ئاسایش وەك مافی گشتی لێی نەپرسیەوە. گەر وابڕوات هیچ گرنتییەك نییە لەئێستا چەندین مەلا كرێكارو چەندین شێخ زانا لەكوردستاندا نەبن.!!

گۆران هەڵەبجەیی : باسی عەلی باپیرت كرد حەزدەكەم پرسیارێك دەربارەی

مەریوان هەڵەبجەیی : تكام وایە بە هەموو جۆرێك لەو زاتە دوور بكەوەرەوە

گۆران هەڵە بجەیی : مەبەستم لە بەڵگەكانی فتواكەیەتی

مەریوان هەڵەبجەیی : تەنها ئەتوانم ئەوەندەت پێ بڵێم كە من هەر لەناو كوردستاندا بووم سێ بەڵگەم دەست كەوت, لە ئەوروپاش یەك بەڵگە.. یەكێكیان رۆژنامەیە, سیانیان كاسێتی دەنگە. یەكێكیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامێكی سەركردایەتی یەكگرتووی ئیسلامی, سیانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵی ئیسلامی.

گۆران هەڵە بجەیی : مەبەستت لە رۆژنامەكە ئەوەیە كە بە ناوی زانا رۆستاییەوە لە ( ئاسۆ)دا بڵاو كراوەتەوە.؟

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەو بەڵگەیەم ئەژمار نەکردووەو پشتگوێم خستووە, بەڵگەی باشترم هەیەو لە کاتێکدا بڵاوی دەکەمەوە کە کەس چاوەڕێی نەکردبێت, شتی تریش کە حەز ناکەم باسیان بکەم. گرنگ ئەوەیە بەڵگەکان لەشوێنی چاکدا پارێزراون و لە چەند مانگی داهاتوودا کاری یاساییان بۆ دەکەم.

گۆران هەڵەبجەیی : لەسەروەختی کێشەکەی تۆدا کەسانێکی زۆر وەك تاك و وەك گروپ بەجۆرەها شێواز پشگیرییان کردیت, دەتوانی پێمان بڵێیت کێن ئەوانەی یارمەتیدەرت بوون؟؟

مەریوان هەڵەبجەیی : لەبەر ناسکی بارودۆخەکەم لەئێستادا ناتوانم ناویان بهێنم, وەك چەند کەسایەتییەك کەلەئێستادا ناوهێنانیان بەباش نازانم و لەکاتی خۆیدا بەوردی لەدووتوێی کتێبێکدا لەسەریان دەدوێم, بەڵام پێویستە وەك سەرەتایەك ناوی ئەم بەرێزانە بهێنرێت و گەر مەدالیای ئاڵتونیم هەبوایە دەمکردنە گەردنیان, ڕێبوار عارف و زمناکۆ عەزیز, لیژنە باڵاکانی ئەو کەمپینە بەرفراوانانەی کەلەئەوروپا بەڕێوەچوون, چ ئەوەی (کەمپینی رادیۆکەی هاوپشتی) بێت لەسوید یاخود (کەمپینی داکۆکیکردن لەدۆزی مەریوان هەڵەبجەیی) بێت لەئەوروپا کەبەرێزتان و کاك پشکۆو حاجی ئەنوەرو چەند بەرێزێکی دیکە پێی هەڵسان و بەزمانی کوردی و عەرەبی بەرێوەتان بردو زۆرێك لەوڵاتانی جیهان بەشداری هەردوو کەمپینەکەیان کرد, هەروەها رێکخراوی (چاك)یش کەهەڵوێستی گەورەی دەنواند, یان ئەوەی هۆزان مەحمود کەلەبەریتانیا بەڕێوەچوو, بۆ ئەوانەی دیکەش کەبەشێوەی جۆراوجۆر پشتگیرییان کردووم نوسینێکی تایبەتم لەو بارەیەوە لەسەر سایتەکان بڵاوکردووەتەوە, هەروەها کەسوکارەکەی خۆشم. بەراستی ئەوە یەکەم جارە لەمێژووی فەرهەنگی کوردیدا پشتگیری لەنوسەران و ئازادی رادەربڕین بچێتە ئەو ئاستە گەورەیەوەو

بەهەزاران نوسەرو ئازادیخوازی کوردیو عەرەبیو جیهانی, هەر لەرۆژهەلاتی جیهانەوە تادەگاتە رۆژئاوا کۆبکاتەوە, هیوادارم بتوانم پارێزگاری لێبکەم.

جگە لەمە بەدحاڵیبونێکی زۆر گەورە هەیە گەر وابزانین لەکوردستاندا ئازادیخواز نییە یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان بەحوکمەتە بەعسییەکەی جاران بشوبهێنن..!! لەم کێشەیەی مندا حکومەتی هەرێمی کوردستانو کەسایەتی دییاری ئازادیو دیموکراتیخواز مەبەستیان نەبووە من بگرن, ئەگەرچی جارجارەش لێرەو لەوێ پێیان دەوتم پۆلیس بەشوێنتدا دەگەرێن, بەلام دڵنیام گەر تیرۆرستێك بومایە یاخود یاساکانی کوردستان مەدەنی بونایەو پاڵپشی ئازادی رادەربڕینی بکردایەو مادەو برگەکانی پەیوەندی بەبەعسو ئیسلامەوە نەبوونایەو بسەلمێندرایە کەمن سوکایەتیم بەئینسانییەت کردووە زۆر زوو دەستگیردەکرامو کەسیش نەیدەتوانی بەرگریم لێبکات..! ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگەو حەز دەکەم ئیسلامییەکان باش لێی تێبگەن.

گۆران هەڵە بجەیی : گەر هەلت بۆ رەخسا دەگەرێیتەوە بۆ کوردستان؟؟

مەریوان هەڵە بجەیی : پێشەکی زۆرم پێناخۆشە کەئێستا لەهەندەرانمو هەر کات بزانم یاساکانی بەعسو ئیسلامی خەتەری لەسەر ژیانو ئازادیم دروست ناکەن بێ هیچ دوودڵییەك دەگەرێمەوە کوردستان, لێتان ناشارمەوە ئێستا بۆ کەلاوە رووخاوەکانی شارەکەم بیر لەگەرانەوە دەکەمەوە.

گۆران هەڵە بجەیی : دەربارەی دواهەمین کتێبت دەتەوێت چی بڵێیت, چونکە من پێموایە ئەم بەرهەمەت وەلامێکی جەرگبڕ بوو بۆ ئەوانەی کەدەیانوت بۆ هەندەران کتێبەکەی پێشوترت نوسیوە..!!

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم باسی ئەم کتێبەش لەساییتەکانی ئنتەرنێتدا کراوەو دەڵێن کتێبەکەی پێشووتری بۆ هەندەران بوو ئەم کتێبەشی بۆ جەوازی دبلۆماسییە, داوا دەکەم خوێنەر بڕوا بەقسەلۆکی ئیسلامییەکان نەکات.

بۆ ئەم بەرهەمە تازەیەش کە لەمانگی هەشتی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە وەك لەسەر پشتی بەرگەکە نوسیومە ئەگەرچی ئەم بەرهەمە زەحمەتێکی زۆری دام بەڵام پشوویەکی درێژخایەنی پێبەخشیم، لەگەرمەی ئەو حەملە پڕ لەتوندوتیژییەی ئیسلامییەکان لەدژی ئازادی رادەربڕینو بەرهەمەکەی پێشووم بەرپایان کردبوو، لەگەڵ ئەو ساتەوەختانەی لەشارەکانی کوردستاندا خۆپیێشاندانیان کردو شمشێریان بەرز کردبووەوە، جگە لەوەی بەنوسینێکی دیکەی پڕ لەجەرائەتەوە وەڵامیان بدەمەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ من نەمابووەوە.. ئەوان بەتیرۆرکردنی عەبدولخالق مەعروف دەستیان پێکردبوو، بەم دواییەش ویستیان بەم کوشتنو تۆقێنەش کۆتایی پێبێنن، بەم بەرهەمەم سەلماندم بۆچوونەکەیان هەڵەیەو تاکە چارەسەرێك بۆ ئاوێتەبوونیان لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا پشتگوێخستنی کۆنەپەرستییەو ( توندوتیژی ) نەمەبەستیان بێت نەئامانج

کۆتایی